بەش : جوگرافيا

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ : سەلاحەددین

بابەت:بنەماکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان GIS

پەرتووکی کۆرس – (قۆناغی ٢ - ئێواران)

ناوی ماموستا :- پ.ی.د. هونەر عبدالله

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢/٢٠٢١

پەرتووکی کۆرس
Course Book

١. ناوی کۆرس	GIS سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان
٢. ناوی مامۆستای بەر پرس	پ.ی.د. هونەر عبدالله
٣. بەش/ کۆلێژ	جوگرافيا / ئاداب
٤. پەیوەندی	ئیمێل:huner.khayyau@su.edu.krd
٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک	تیۆری : ٢ پراکتیکی: 1
٦. ژمارەی کارکردن	: 3 کاتژمێر
٧. کۆدی کۆرس	

٨. پرۆفایەلی مامۆستا	بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەددین ١٩٩٥-١٩٩٦ بروانامەی ماستەر (٢٠٠٦) لە بواری GIS - بەکارهینانی زەوی بروانامەی دکتۆرا (٢٠١٨) لە بواری GIS گۆرانکاری کەش و هەوا پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر (٢٠٢٢)
٩. وشە سەرەکیەکان:	.Georeference ,Shapfile , Geodatabace , GPS, GIS

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس: ناوەرۆکی ئەم کۆرسە خۆی لە دوو تەوەری سەرەکیدا دەبینێتەوە تەوەری یەکەم بریتیە لە ناساندن و چەمك و پێناسەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، هەروەها پێکها تەو گرینگی ئەم سیتەمە و بەراووردکرنی لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەدا و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و دەرخستنی رۆڵی سیتەمی زانیاریە جوگرافیەکان لە بەرەو پێشبردنی زانستی جوگرافیادا، هەرچی تەوەری دووەمیشە بریتیە لە لایەنی پراکتیکی کە تیادا قوتابی بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاشنا و فێردەکرێت بە پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە تایبەتیش بەکارهێنانی لە کێشانی نەخشە جوگرافیەکاندا بە شێوەیەکی کرداری.

١١. ئامانجەکانی کۆرس:

١ – ئاشناکردن و تێگەیاندنی قوتابی لە بابەتەکانی تایبەت بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS).

٢- ناساندنی قوتابی بە پرۆگرامەکانی (GIS) .

٣- دەرخستنی رۆڵی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان لە بەرەو پێشبردنی جوگرافیادا.

٤- ناساندنی قوتابی بە جیاوازی نێوان پرۆگرامەکانی (GIS) لەگەڵ پرۆگرامەکانی تر.

٥- فێرکردنی قوتابی بە شێوەیەکی پراکتیکی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی داتاکان و زانیارییەکانی جوگرافیا بۆ درووستکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان و پیشاندانی بە شێوەی نەخشەو شێوە و وێنەو خشتە ... هتد.

٦- دیاریکردنی گرنگی (GIS) بۆ زانستی جوگرافیا و بەرەو پێش بردنی ئەم زانستە و دانەبرانی لە زانستەکانی تر لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی پێش کەوتن وەك (کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی GIS) .

١٢. ئەرکەکانی قوتابی: بریتیە لە :-

١- ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکاندا، ٢- لە تاقیکردنەوەکاندا ٣– دروست کردنی نە خشە.

١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە : **لە وانە وتنەوەدا مامۆستا ئەم هۆکارنە بەکاردەهێنێت:** داتاشۆ و پاوەرپۆینت + تەختەی سپی+**پەرتووك.**

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن: **تاقیکردنەوەی وەرزی و کۆتایی.**

١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:

١– قوتابی بە گرینگی و رۆڵی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان ئاشنا دەبێت .

٢– قوتابی فێری دروست کردنی نەخشەی جوگرافی دەبێت .

١٦. لیستی سەرچاوە

١. سەرچاوە بنەڕەتیەکان: :
ـ خلف حسين الدليمى نظم المعلومات الجغرافية اسس و تطبيقات ٢٠٠٦
ـ جمعه محمد داود اسس التحليل المكانى فى اطار نظم المعلومات الجغرافية ٢٠١٢
ـ على عبد العزاوى نظم المعلومات الجغرافية اسس وتطبيقات ٢٠٠٩
ـ صباح محمود محمد و أنور صباح محمود ، نظم المعلومات الجغرافية
ـ قاسم الدويكات ، أنظمة المعلومات الجغرافية
ـ إسماعيل يوسف إسماعيل ، الدراسات العمرانية بتطبقات نظم المعلومات الجغرافية
ـ سميح أحمد محمود عودة ، أساسيات نظم المعلومات الجغرافية وتطبقاتي رؤية جغرافية

٢- سەرچاوەکانی تری وەك تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

١٧. بابەتەکان	ناوی مامۆستای وانەبێژ
ناوەڕۆکی بابەتەکە:	
هەفتەی یەکەم: چەمکی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) و پێناسەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافیاکان، ناساندنی بەرنامەکانی (GIS.	
هەفتەی دووەم: کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی سستەمی زانیارییە جوگرافیاکان ، تایبەتمەندیەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافیاکان، ناساندنی ئایکۆنەکانی و هێماکانی بەرنامەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافیاکان. بوارەکانی بەکارهێنانی سستەمی زانیارییە جوگرافیاکان .	
هەفتەی سێیەم: پێکهاتەکانی بنەڕەتی سستەمی زانیارییە جوگرافیا کان و زانیاریـیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، پێداویستیەکانی دارایی،. پێداویستیەکانی هونەری، ئامێرەکانی پێویست لە بەرنامەی (GIS). پرۆگرامەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) و تایبەتمەندییەکانی، پێداویستیەکانی مرۆیی لە سستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS).	
هەفتەی چوارەم: داتاو زانیاری لە سستەمی زانیاریـیە جوگرافـیەکان (GIS) و جۆرەکانی (زانیاری شوێنی، زانیاری وەسفی)، پراکتیزەکردنی بەکارهێنانی زانیارییەکان لە بەرنامەی (Arc GIS). جیاوازی نێوان زانیاری جۆری (Raster) جۆری (Vector)، پەیوەندیەکانی شوێنی لە نێوان زانیارییەکان (Topology)، بەستنەوەی زانیاریەکانی وەسفی بە زانیارییەکانی شوێنی. بەستنەوەی زانیارییەکانی بە شوێنی جوگرافی خۆی. جۆرەکانی (Projections) (مساقط الخرائط).	
هەفتەی پێنجەم: ئەرکەکانی سستەمی زانیارییە جوگرافیەکان ()، داخل کردنی زانیاری، چۆنیەتی خەزن)، پراکتیزەکردنی داخل کردنی GISکردنی زانیارییەکان لە سستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (	
هەفتەی شەشەم: سەرچاوەکانی داتاو زانیاری لە سستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (): نەخشە، هەستکردن لە دوورەوە، بلۆکاتی عەقاری، ئامار و ڕووپێوی سەر پێی، داتاکانی سستەمی دیاریکردنی)، زانیارییەکانی ژینگەیی GPSشوێنی جیهانی (	

بابەتی پراکتیکی **هەفتەی حەوتەم: ناساندنی پرۆگرامەکانی Arc GIS** **هەفتەی هەشتەم: چۆنیەتی درووستکردنی Shape File** **هەفتەی نۆیەم: Georeferencing**	
هەفتەی دەیەم ـ هەفتەی دوازدەهەم: درووستکردنی نەخشەی جوگرافی جۆراوجۆر **هەفتەی سێزدەهەم ـ هەفتەی چواردەهەم: Attribute Data Input**	

پ/کارکردن لە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان بە چەند قۆناغێکی یەک لە دوای یەکدا تێدەپەڕێت، ئەم قۆناغانە چین بیانژمێرە و بەکورتی باسیان بکە.

قۆناغی یەکەم/ کۆکردنەوەی داتا Data Collection

ئەم قۆناغە یەکەم قۆناغی کارکردنە لە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان کە تیایدا هەموو ئەو داتاو زانیاریانە کۆدەکرێتەوە کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی دیاریکراو.

قۆناغی دووەم/ داخلکردنی داتا Data Input

کرداری داخلکردن لە دوای کرداری کۆکۆدنەوەی داتاو زانیاریەکان دێت لە سەرچاوە جیاوازەکان وە دڵنیا بوون لە ڕاستی و ڕاددەی ووردی زانیاریەکان و گۆڕینیان ئەگەر پێویست بوو.

قۆناغی سێیەم/ خەزنکردنی داتا Storage Data

داتا جوگرافیەکان پێویستی بە خەزنکردن هەیە لە سەر شوێنی تایبەت بە خەزنکردن لەناو کۆمپیوتەردا بە شێوەیەکی هەمیشەیی کە بەکارهێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری لە هەرکاتێک بیەوێت.

قۆناغی چوارەم/ چارەسەرکردن Manipulation

کرداری چارەسەرکردن لە کردارە سەرەکیەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکانە چونکە گشت کردارەکانی تر بۆ ئەو مەبەستەیە.

٢٠. تێبینی تر: .

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ